# خوناو"یش دەترسێت خۆپیشاندان بكات"

له  هەولێرەوە گۆشەیەکە عەلی مەحمود دوو هەفتە جارێک  دەینوسێت



خوناوی كچم رێك ئەمڕۆ تەمەنی گەیشتە ١٠ ساڵی تەواو، یەكێكە لەو كوردانەی زۆرترین وێنەی لە راگەیاندنە جیهانیەكان بڵاو كراوەتەوە، لە تەمەنی یەكساڵییەوە بەشداری یادی هەڵەبجەو ئەنفالو بۆنە نەتەوەییەكانو پرسەكانی كورد لە هەموو پارچەكانی كوردستان دەكات، هەمیشە لە پێشەوەی خۆپیشاندانو كۆبونەوەكاندا بوو لە هۆڵەندا، ساڵانەش یادی تاوانی هەڵەبجەی كردۆتەوە، ئەمساڵ لە بەرواری ١٦-٣ داوام لێی كرد لە گەڵما دەمگرن عەلی نایەم لە گەڵتا". "بەشداری مانگرتنی بەردەم پارلەمان بكات لە شاری هەولێر، لە وەڵامدا وتی لەم رۆژانە لە گەڵ كاك محەمەد عەباسی شاعیر پێكەوە دانیشتبووین دیسانەوە وتی "ناوێرم لە هەولێر بەشداری خۆپیشاندان بكەم دوایی دەمبەن بۆ سجنو دەمكوژن". توخوا گەلۆ دیموكراسیەتێك لە كۆماری هەولێردا خوناو كاكڵەكەی بەم شێوەیە پێناسە بكاتو بیناسێت كە بەشداریكردن لە خۆپیشاندان لەیادی هەڵەبجە سزای كوشتن .بێت، چەندە شەرمە لەم كوردستان بڵێین دیموكراسیمان هەیە

حكومەتی هەرێمی كوردستان كە بڕیاری قەدەغەكردنی لۆتۆی دا، بە پێچەوانە هەموو شاری هەولێر سەرتاپای بوو بە ریكلامی لۆتۆی نیشتمانی، رێگا، فلكە، بازاڕ، دارودیوار هەمووكراوە بەڕیكلامو هانمان دەدات بۆ بەشداری لە قوماری لۆتۆ، باشە حكومەتێك تەنها لۆتۆیەكی پێ یاساغ نەكرێت، كۆنترۆڵی ریكلامی تەنانەت سەر تەنەكەی زبڵی ماڵانی پێ نەكرێت، توخوا لە بەرامبەر ئەم هەموو مافیایە، كە لە كورسی دەسەڵاتەوە بۆ .!تەنەكەی زبڵەكانمان بەڕێوەدەبەن، چۆن چاكسازی پێ دەكرێت؟ ئای كە هیچی پێ ناكرێت

پەرلەمانتارانی بەڕێز گیرفانیان پڕە لە كاغەزی سەوزو پرتەقاڵیو سوور، هەریەكەی چەندین براو مناڵو ئەحبابیان بە حیمایەو سایەقو عەدەد عەلاگە لەگەڵ خۆیان دامەزراندووە، كەچی دەنگیان لە تێری دێتو داوای كەمكردنەوەی بودجەی بەكاربردن دەكەن كە هەزاران خێزانی موحتاج چاوەڕوانی دامەزراندنی موچەخۆری تازەی لێدەكەن دەكەن، راستە وتویانە تێر ئاگای لە برسی نییە، دادپەروەری بە ریكلامی سەر شاشەو قیرەقیرو .مزایەدە لەدایك نابێت، بە كەسێك بە دەست دێت، كورسی بە فلسێك نەكڕێت، چاوی لەبەشی خۆی نەبێت

شێخ جەعفەر بەرزنجی وەزیری پێشمەرگە لە سەرەتای هەشتاکان، سەرانی ئێستای گۆڕان بۆ سەرکوتکردنی نەیاران بۆ دەشتی هەولێریان نارد، ئەوسا کرا بە مامۆستای گۆڕینی ئینتمای سیاسی، ئەمڕۆش خۆپیشاندانی نەیاران لە سلێمانی سەرکوت دەکات، یا شێخ مێژووی جارێکی دیکە دوبارە کردەوە دوێنێ ئازادی لە گۆڕ دەنا ئەمڕۆ جەماوەر، بەشی ئەم گەلە هەر وایە بەدەست شێخ جەعفەرەکان حاڵی لە وەیلایە، دوێنێ هەولێری لە .نەیاران گسکەدا، ئەمڕۆ دەمەکان قوفڵەدا

هاوڵاتی دەنوسێت "لە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا، حکومەت بیست ملیارو حەوت سەدو پەنجاو حەوت ملیۆن دیناری بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنیو بواری چەکداری تەرخانکردووە، ئەوە لەکاتێکدا بەپێی دەستووری عێراق کڕینی چەك لەدەسەڵاتی حکومەتی عێراقدایە". سەمیر سەلیم بە هاوڵاتی ڕاگەیاند "تەرخانکردنی ئەو برە بودجەیە بۆ بواری سەربازیی و چەکداریی مانای وایە ئاراستەی حوکمڕانی کوردستان بەرە و سیستەمێکی پۆلیسی دەڕوات نەك دیموکراسی". بە هەموو ڕەخنەکان لە دەسەڵاتمان وت ئامین، بەڵام هەر ئەوە ماوە بە قاتو بیجامەوە تەسلیم بەغدامان کەنەوە، کوردستان خۆ چوار پارچە نییە، لە دەوروبەر دوژمنی نییە، هەڵکەوتەی شوێنەکەی لە ناوەراستی داگیرکەران نییە، ئیتر چەکی بۆ چییە؟ مرۆڤ زۆر بڵێت چاكو خراپ دەڵێت، ئەم ڕێژەیە کە داندراوە بۆ بەرگری ٤،٠%ی بودجەی کوردستان پێك دەهێنێت، کە دەبوایە زۆر زیاتر بێت، هەموو گەلێك ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەیە، ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات پێکەوە ستراتیژی بۆ بەهێز کردنی .!دادەنێت جگە لەم نیشتمانە، ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت بۆ بەرگری لە بەغداوە چەکی بۆ بێت، ئاخ نەزانی

http://www.awene.com/Goshekan.aspx?Jimare=17